# پیلەکان لە منداڵەکەت دوور بخەرەوە




**ئەگەر منداڵەکەت پیلێکی قووت دا، ئەوا دەکرێت لەناو بۆری خۆراکەکەیدا گیر بخوات. دەکرێت تا خوێنهێنەری سەرەکی بسوتێت و زیانێکی زۆریان پێ بگەیەنێت یان تەنانەت بیانکوژێت.**
**ئەمەش دەکرێت زۆر بە خێرایی ڕووبدات.**

**منداڵانی تەمەن ٦ مانگ تا ٤ ساڵ و نیو زۆرترین مەترسییان لەسەرە.**

## چ جۆرە پیلێك ترسناكترینە؟

پاترییەکانی خانەی دراوی لیتیۆم کەمێك گەورەترن لە دیناری ٥ فلسی. ئەوەندە گەورەن کە گیر بخۆن و بەهێزن کە بتوانن بکوژن.

پیلە بچووکترەکان هێشتا دەکرێت زیان بگەیەنێت، بەتایبەتی ئەگەر تازە بن.

## بۆچی ئەوان دەتوانن زیان بگەیەنن؟

منداڵەکەت دەکرێت پیلەکان لە بدۆزنەوە لە هەندێك شتی وەکو:

- کۆنترۆڵی گۆڕەری بچوك
- کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێل یاخود کلیل دۆزەرەوە
- کتێب و کارتە میوزیکییەکان
- یاری منداڵانی ئەلیکترۆنی و شمەکی داهێنەرانە
- گڵۆپی شەوانە
- کێشانە ئەلیکترۆنییەکان
- گەرمپێوەکان
- یارییەمنداڵانە کۆنەکان لە بۆکسی یارییدا

هەروەها منداڵان لەوانەیە پیل یەدەگ بدۆزنەوە کە لە شوێنی خۆیان هەڵگیراون یان لە پاکەتەکەوە کەوتوون.

تەنانەت پاترییە ’تەخت‘ بەکارهێنراوەکانیش هێشتا ئەوەندە بارگاوی دەبنەوە کە مەترسیدار بن.

## ماڵەوەت بپشکنە

- هەموو شوێنێکی ماڵەوە بگەڕێ بۆ دۆزینەوەی پیل
- شمەکەکان لە شوێنێک دابنێ کە منداڵان دەستیان نەیگاتێ ئەگەر شوێنی پیلەکان پارێزراو نەبوون
- پاتری یەدەگ و ’تەخت‘یش بە باشی لە شوێنێکدا هەڵبگرە
- ئاگاداری سەودای بازاڕە ئۆنلاینەکان یان دوکانەکانی داشکاندنی ناوخۆیی بە. لەوانەیە پیل هەبێت کە منداڵەکەت بە ئاسانی بتوانێت بەدەستی بهێنێت

## ئایا منداڵەکەت دانەیەکی قوتداوە؟

- **دوای مەخە. ڕاستەوخۆ بیانبە بۆ A&E یان پەیوەندی بە 999 بکە بۆ ئەمبولانس.**
- **بە پزیشك بڵێ کە پێت وایە منداڵەکەت پیلی قووت داوە.**
- **ئەگەر پاکەتی پیلەکەت هەیە یان ئەو بەرهەمەی کە پاترییەکە لێی دەرچووە، لەگەڵ خۆت بیبە.**
- **مەهێڵە بیخۆن و بیخۆنەوە و نەخۆشیان مەخە**

**ڕەنگە نیشانەکانی کەم هەبێت.**
**بۆیە متمانە بە غەریزەکانت بکە.**

child accident prevention trust

capt.org.uk/button-batteries
@ChildAccidentPreventionTrust